خەڵاتی "نۆبڵ"ی ساڵی ٢٠١٤ لە ئەدەبدا دەبەخشرێتە نووسەری فەڕەنسی پاتریک مۆدیانۆ

وتاری پاتریک مۆدیانۆ لە بارەگای ئەکادیمیای سوێدی:

مرۆڤ نابێ بۆ تەماع بڕووخێ.. نووسەریش وەک هەر هونەرمەندێکی دی، بە چاخەکەیەوە نووساوە

لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی
(سوێد)

"بۆ ئەم هونەری یادەوەرییە سەختترین قەدەری زیندوو کردووەتەوە و جیهانبینیی سالانی داگیرکردنیشی هەڵداوەتەوە"

ئەکادیمیای سوێدی
٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤

دەمەوێ ڕێک و ڕەوان بڵێم بەوە ئاسوودەم کە لێرە لەگەڵ ئێوە بم و بەوەیش خرۆشاوم کە ئێوە خەڵاتی نۆبڵتان لە ئەدەبدا پێ بەخشیوم.

ئەوە یەکەم جارە لە بەرانبەر کۆڕێکی وا گەورەدا گوتار دەدەم و کەمێک ترسم لێی هەیە. ڕەنگە خەڵک پێی وا بێ بۆ کەسێکی نووسەر ئەرکێکی ئاسان و سروشتی بێت، بەڵام نووسەر - بە لانی کەمەوە ڕۆمانnووس- زۆر جار سەختیی هەیە لەگەڵ وشەی زارەکیدا ڕەفتار بکات. ئەگەر جیاوازی نێوان وشەی نووسراو و زارەکی کە لە قوتابخانە دەخوێنرێ بە کار بهێنرێ، ئەوە ڕۆمانnووس بەهرەی لە هی نووسراودا گەورەترە. ئەو زۆربەی کات بێ دەنگە و ئەگەر بخوازێ لە ڕەوشێک تێ بگات دەبێ خۆی لەگەڵ خەڵکەکە بگونجێنێ. بێ خۆدەرخستن گوێ لە گفتوگۆی خەڵک دەگرێ، ئەگەر خۆیشی تێکەڵ بکات بۆ ئەوەیە چەند پرسیارێکی سادە و ڕوون بکات، تا باشتر لە ژن و پیاوەکانی دەوروبەری تێ بگات. لەبەر ڕاهاتن لە سڕینەوە لە دەستنووسەکانیدا بە گومانەوە دەئاخڤێ. دوای زۆر سڕینەوە بە دڵنیاییەوە شێوازی ڕوون دەردەکەوێ، بەڵام کە دەئاخڤێ، هیچ بواری نییە کە لەپاشان نادڵنیایی خۆی ڕاست بکاتەوە.

ئیتر منیش سەر بە نەوەیەکم منداڵ بۆیان نەبوو قسە بکەن، بێجگە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن و پاش ئەوەی داوایان دەکرد، گوێیان لی نەدەگیرا و گەلێ جاریش قسەیان پی دەبڕدرا. ئەمە ئەم سەختییانەی ئاخاوتن ڕوون دەکاتەوە کە هەندێک لە ئێمە هەمانە. ئێمە جارجار بە گومانەوە، جارجاریش بە پەلە قسە دەکەین، وەک ئەوەی مەترسیمان هەبێ لەپڕ بمانبڕن. واپێدەچێ لەبەر ئەوەیش بێت، کە من و زۆر کەسی تریش لەگەڵ منداا، لە کۆتایی تەمەنی منداڵیدا تووشی تاسەی نووسین هاتبێت، ئاواتەخوازن ئەوەی نووسیوبانە گەورەسالان بیخوێننەوە. ئەو دەم دەبێ گوێ بگرن بێ ئەوەی قسەت پێ ببڕن و تۆیش قسەی دڵی خۆتت کردووە.

کاتێک خەڵاتەکە ڕاگەیانرا بۆ من خەیاڵ بوو و پەرۆشی ئەوە بووم، بزانم بۆ منتان هەڵبژاردووە؟ ئەو ڕۆژە لە هەموو جارانی پێشووتر تەواو زیاتر هەستم کرد



پاتریک مۆدیانۆ

ڕۆماننووس چەند نابینایە بەرانبەر بە کتێبەکانی خۆی و خوێنەر زۆر باشتر لە خۆی دەزانێ چی نووسیوە. ڕۆماننووس هەرگیز ناتوانێ خوێنەری خۆی بێت، بێجگە لەوەی کاتێک هەڵەی ڕێزمانی ڕاست دەکاتەوە و دووبارەبوونەوە و بەشی ناپێویست دەسڕێتەوە. ئەو تەنیا وێنەیەکی نارۆشن و ناتەواوی کتێبەکانی خۆی هەیە، وەک شێوەکارێکی فریسکۆ «ئەو شێوەکارانەی لەسەر دیوار و بنمیچدا وێنەی گەورە دەکێشن(وەرگێڕ)» کە لەسەر پایەبەندیی بالاخانەیەکە و کار لە وردەکارییەک دەکات بێ ئەوەی هەمووی ببینێت.

نووسین کارێکی سەیرە، کاتێک مرۆڤ دەست بە نووسینی ڕۆمانێک دەکات، تووشی حاڵەتی بێ دەستەڵاتی، هەستێکی هەموو ڕۆژ دووبارەبووەوەی کە ڕێگەیەکی هەڵەی گرتووەتەبەر دەبێ. تەماحییەکە زۆرە کە بگەڕێیتەوە دواوە و یەکێکی تر بگریتەبەر، بەڵام مرۆڤ نابێ بۆ ئەم تەماحییە بڕووخێ، بەڵکو پێویستە بەردەوام بێت لەسەر ڕێگەکە. کەمێک وەک لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە بە زستان لە تاریکیدا، کە ڕێگە خزە و بەر چاو ڕوون نییە، مرۆڤ هیچ چارەی نییە، ناکرێ پاشەوپاش بگەڕێتەوە، دەبێ لە لێخوڕین بەردەوام بیت و باوەڕ بە خۆت بهێنیت کە تەمەکە تەنک دەبێتەوە و وردەوردەیش لە ڕێگەکە دەردەچی.

کاتێک مرۆڤ خەریکە لە نووسینی کتێبێک تەواو دەبێ، کتێبەکە خۆی لەو دەرباز دەکات و هەوڵ دەدات پێشوەخت ئازادی بە دەست بهێنێ، وەک قوتابی منداڵ لە دواڕۆژی پێش پشووی هاویندا. خەیاڵ بلاو و دەنگ گەورەن و گوێ لە مامۆستا ناگرن. بەڵێ، من دەمەوێ بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێم کە لە هەمان کاتی مرۆڤ دوا دێڕەکان دەنووسێ، کتێبەکە لە خولیای ئەوەی لە یەخەی نووسەر ببێتەوە نەیاریی دەکات. نزیکەی بەر لەوەی نووسەر دوا وشە بنووسێ، نووسەرەکەی بە جێ دەهێڵی. تەواو، ئیتر کتێبەکە پێویستی بە نووسەرەکە نییە و لە ئێستاوە ئەوی لە بیر کردووە. لەمەو دواوە بە کۆمەکی خوێنەرە دەتوانێ خۆی ببینێ، نووسەریش هەست بە بەتاڵییەکی گەورە دەکات. هەست دەکات بەجێ هێڵراوە و بە شێوەیەک ڕازی نییە کە پێوەندی نێوان ئەو و کتێبەکە زۆر خێرا پچڕا. ناڕازیبوون و ئەو هەستەی کە شتێک تەواو نەبووە، وایان لێ دەکات دەست بە نووسینی کتێبی داهاتوو بکات، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکە بگەڕێتەوە، بەڵام قەت وای لێ نایە. ئیتر ساڵەکان ڕەت دەبن، ئەو ئەم کتێب لە دوای ئەوی تر‌ەوە دەنووسێت و خوێنەرەکانیش باسی "بەرهەم"یک دەکەن، بەڵام بۆ نووسەر خۆی تەنیا هەڵاتنێکی دوورە بۆ پێشەوە.

بەڵێ، خوێنەر زیاتر لە نووسەرەکە خۆی لەبارەی کتێبەکەوە دەزانێت. لە نێوان ڕۆمان و خوێنەردا پەرجوویەک ڕوو دەدا کە دەکرێ بە کاتی شووشتنەوەی وێنەیەک بچوێنرێ، بەو شێوەیەی کە پێش سەردەمی دیگیتاڵی دەکرا. لە کاتی شووشتنەوە لە ژوورە تاریکەکەدا وردەوردە وێنەکە دەردەکەوت. لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانێکدا هەمان پرۆسەی کیمیایی ڕوو دەدات. بۆ ئەوەی ئەم لێک گەیشتنەی نێوان ڕۆماننووس و خوێنەر ڕوو بدات، ڕۆماننووس هەرگیز بۆی نییە پەلە لە خوێنەر بکات - وەک کە گۆرانیبێژ بۆی نییە پەلە لە دەنگی خۆی بکات- بەڵکو دەبێ بێ هەستپێکردن لەگەڵ خۆیدا بیبات و هێندە ماوەی بداتێ کە کتێبەکە وردەوردە بچێتە ناخییەوە، ئەمەیش بە میتودێکی هونەرییەوە کە لە ئەکسپونکتوور دەچێ - مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە دەرزییەکە لە جێگەی دروست بئاژنرێت، بۆ ئەوەی تەوژمەکە بەناو سیستمی ڕەگدا بلاو ببێتەوە.

پێم وایە ئەم پێوەندییە نزیک و یەکدی تەواوکەرەی نێوان ڕۆماننووس و خوێنەر لە بواری مۆسیقادا هاوتای هەیە. من هەمیشە پێم وا بووە نووسین لە مۆسیقاوە نزیکە، بەڵام وەک ئەو پاک نییە، هەمیشەیش ئیرەییم بە مۆسیقاژەنەکان بردووە، چونکە لە چاوی منەوە هونەری ئەوان لە هونەری ڕۆمان دەرەوشاوەترە؛ ئیرەییم بە شاعیرانیش بردووە، چونکە ئەوان زیاتر لە ڕۆماننووس

لە مۆسیقاوە نزیکن. من بە منداڵی دەستم بە نووسینی شیعر کرد و ئەوە بۆیە لەم گوتەیە: "لە شاعیری خراپەوە دەکرێ پەخشاننووسی باش دروست ببێ." تێدەگەم کە لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە. سەبارەت بە مۆسیقاوە، زۆر جار بۆ ڕۆماننووسێک وایە، هەموو کەسەکان، دەشتودەر و شەقامەکان لە کتێبێکەوە بۆ یەکێکی تر دووبارە دەبنەوە، وەک کە تێبینی کردووە لە پارچەیەک مۆسیقای نووسراودا هەمان ئاواز دووبارە ببێتەوە، بەڵام ئەو لە ڕووی مۆسیقاییەوە هی خۆی پێ تەواو نییە. ئەو خەم لەوە دەخوات کە مۆسیقاژەنێکی ڕەسەن نییە و نوکتورنەکانی(١) شۆپانی نەنووسیوە.

کەمی توانایی ڕۆماننووس کە لە دەرەوە نووسەرایەتی خۆی ببینێ و هەڵیبسەنگێنێ، پێوەندی بە دیاردەیەکەوە هەیە کە من لە حاڵەتی خۆم و زۆر کەسی تریشدا تێبینیم کردووە: هەر جارێک مرۆڤ کتێبێکی نوێ دەنووسێ، ئەوەی پێشووی لە ئاگاییدا ون دەبێ، تا ئاستێک وا هەست دەکات لە بیری نەماوە. وامدەزانی کتێبەکانم پێوەندی ناوەوەیان لەگەڵ یەکدی نییە، چونکە هەمیشە ئەوەی پێشترم لە بیر کردووە، بەڵام هەمان ڕوخسار، هەمان ناو، هەمان شوێن و هەمان دێڕم لە کتێب لە دوای کتێبدا دەدۆزییەوە، وەک نەخشی بە چاوی بە خەوەوە چنراوی مافووری دیوار، بە چاوی بە خەوەوە، یان لە خەودا. گەڵێ جار ڕۆماننووس لە ئاڵوودەیی ئەوەی کە دەینووسێ خەوڕۆیانەیە، هۆکاریش هەیە ترسمان لەوە هەبێ کاتێک لەسەر شەقام دەپەڕێتەوە بکەوێتە ژێر ئۆتۆمبێلەوە، بەڵام ئەودەم ئەم زۆر وریایی و بەدیقەتییەمان لە بیر دەچێ کەسی خەوڕۆ پێیانەوە لە سەربان دەڕوا، بێ ئەوەی هیچ جارێک بکەوێتە خوارەوە.

لە هۆی بەخشینی ئەم "خەڵاتی نۆبڵ"ەدا لەسەر ئەم داڕشتنە هەڵوەستەم کرد کە ئاماژە بە دوا جەنگی جیهانی دەکات: "جیهانبینیی سالانی داگیرکردنیشی هەڵداوەتەوە"، واتە من وەک هەموو ئەوانەی سالێ ١٩٤٥ لە دایک بوون، منداڵێکی سەردەمی جەنگم، لەبەر ئەوەی لە پاریس لە دایک بووم، منداڵێک دەبێ سوپاسی پاریسی داگیرکراو بکات کە دروست بوو. پاریسێک بوو دانیشتوانەکەی دەیانویست تا بکرێ زوو فەرامۆشی بکەن، یان تەنیا شتی بچووکی ڕۆژانەی وایان لە بیر بێت کە دەیانتوانی وەهم بدەن ژیان نزیکەی وەک جاران بەردەوام بووە. خەونێکی ناخۆش و هەست بە گوناح کردنێکی نارۆشن بوو، چونکە لەبەر هەر هۆیەک بێت ڕزگارت بووە. کاتێک لەبارەی ئەو سەردەم و ئەو کاتی پاریسەوە پرسیارمان لە دایک و باوکمان دەکرد، ئەوان ناڕاستەوخۆ وەڵامیان دەدایەوە، یان بێ دەنگ دەبوون، وەک ئەوەی بیانەوێ ئەو سالە سەختانە لە یادەوەرییان بسڕنەوە و شتێکیش لە ئێمە بشارنەوە، بەڵام ئێمە لەپشت بێ دەنگیی ئەوانەوە مەزندەی هەموو شتێکمان دەکرد، وەک ئەوەی ئێمە خۆمان تێیدا ژیابووبین.

پاریسی داگیرکراو، شارێکی سەیر بوو. وا دەبینرا ژیان "وەک جاران" دەگوزەرا: شانۆکان، سینەماکان، کاباریێ و چێشتخانەکان کراوە بوون. گۆرانی لە ڕادیۆوە دەبیسترا. خەڵک زیاتر لە سەردەمی بەر لە شەڕ دەچوونە سینەما و شانۆکانەوە، وەک ئەوەی پەناگە بن و لەوێ گرد دەبوونەوە بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی بکەن، بەڵام بە هەندێک حاڵەتی نائاساییەوە هەست دەکرا کە پاریس وەک جاران نەبوو. لەبەر کەمیی ئۆتۆمبێل شارێکی بێ دەنگ بوو. - شارێکی بێ دەنگ کە تێیدا مرۆڤ گوێی لە وشەوشی گەڵا، دەنگی سمی ئەسپ، ترپەی هەنگاوی حەشاماتی خەڵک بەسەر بولیڤاردەکانەوە و ژاوەژاوی دەنگ دەبوو. لەم بێ دەنگییەی سەر شەقامەکاندا، بەتایبەت لە کاتی تاریک داهاتندا، کە لە زستاندا دوای سەعات پێنجی دوای نیوەڕۆ تاریک دادەهات و نەدەبوو بچووکترین تروسکەیش لە بەر پەنجەرەکاندا هەبێ، وا پێدەچوو شار لە خۆیەوە سەفەری کردبێت. وەک کە نازیبە داگیرکەرەکان دەیانگوت شارە "بێ نیگا"کە. بە یەک چرکە گەورە و بچووک دەیانتوانی بە بێ ئاسەوار ون ببن، خەڵک بە دەربڕینی شاراوە گفتوگۆیان دەکرد و هەرگیز بە ئاشکرا وایان نەدەکرد، تەنانەت لە نێوان هاوڕێیانیشدا، چونکە هەڕەشەیەک هەبوو.

لەم پاریسەی وەک زیندەخەوەدا، کاتێک مرۆڤ لە وێستگەی میترۆوە دەهاتە دەرەوە، مەترسیی زمان لێدان و کەوتنە ناو مەفرەزەوە هەبوو، بە یەکدی گەیشتنی ڕۆمانسی لە نێوان مرۆڤ ڕووی دا کە قەت لە سەردەمی ئاشتیدا ڕوویان نەدەدا. لەبەر سێبەری قەدەغە چوونە دەرەوەدا، پێوەندیی ئەڤیندارییی کورتخایەن دروست بوو، خەڵکیش نەیدەتوانی لەوە دڵنیا بێت، کە لە ڕۆژانی داهاتوودا یەکدی دەبینەوە. وەک بەرێکی ئەم پێوەندییە بێ دوارۆژ و هەندێ جاریش ترسناکانەدا، وردەورده منداڵیش لە دایک بوون، ئەوە بۆیە بۆ من پاریسی داگیرکراو ئەو شەوی خوڵقانەیە من لێیەوە هەڵقوڵام. ئەم پاریسە هەرگیز وازی لێ نەهێناوم و هەندێ جاریش لە بەر ڕووناکیی شاراوەیدا ڕۆمانەکانم مەلە دەکەن.

بەڵێ، سالێ لەدایکبوون و سەردەمی نووسەرێک ئاسەواری ئەبەدی لای دەهێڵێتەوە، تەنانەت ئەگەر

چالاکانەش بەشداری لە ڕەوتی ڕووداوی سیاسیشدا نەکات و ئەگەر وایش پیشان بدا کەسێکی خەڵوەتنشینە کە وەک دەڵێن چووەتە خەڵوەتەوە. ئەگەر شیعرە دەینووسێ ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەیان لەسەرەو ناتوانرێ لە سەردەمێکی تردا نووسرابن.

شیعری "قووە کێوییەکانی کوول"ی نووسەری گەورەی ئیرلەندایی یەیتس وایە، شیعرێک کە هەمیشە لە ناخەوە خرۆشاندوومی. یەیتس لەناو پارکێدا دەبینێ قوو بەسەر ئاوەوە دەخولێنەوە:

نۆزدەم پاییزم بەسەردا هاتووە
لەو کاتەوەی سەرەتا ژماردمن؛
ئەوسا بینیم – بەر لەوەی لە ژماردن تەواو بم–
چۆن هەموویان لەناکاو هەڵفڕین و
بڵاوبوونەوە و لە بازنەی پچڕاودا سووڕانەوە
بە شەققەی باڵەوە.
بەڵام ئێستا لەسەر ئەم ئاوە مەندەدا گەشت دەکەن،
بە ڕازن، جوانن.
لەناو چ قامیشەڵانێ دادەمەزرێن،
لە کەنار چ گۆڵێ، یان بەنداوێ
چاوی خەڵکی تر دێوانە دەکەن، کاتێک من لە خەو ڕادەبم و دەبینم بە ڕێگەی خۆیاندا هەڵفڕیون؟

گەلێ جار قوو لە شیعری سەدەی نۆزدە – لای بۆدلێر، یان مالارمێ دەردەکەوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نەدەکرا شیعری یەیتس لە سەدەی نۆزدەدا بنووسرێ. بە ڕیتم و حوزنی تایبەتی خۆیەوە تایبەقەندیی سەدەی بیستی هەیە، بەڵێ، هی ئەو سالانەی کە نووسرا.

هەندێ جار وا ڕوو دەدات کە نووسەرێکی سەدەی بیست و یەک وا هەست دەکات لەناو سەردەمەکەی خۆیدا بەندەو کەمێک نۆستالیژی دەبێت، کاتێک نووسەرە گەورەکانی سەدەی نۆزدە – بەلزاک، دیکینز، تۆلستۆی و دەیستۆیڤسکی دەخوێنێتەوە. ئەمە چاخێک بوو، ئەو دەم کات لە ئەمڕۆ لەسەرخۆتر دەڕۆیشت، لەسەرخۆییەک لەگەڵ کاری ڕۆمانnووس دەگونجا، چونکە لە بەرژەوەندیی بەدیقەتی و تێڕاماندا بوو، لەو دەمەوەی کات خێرایی زیاد کردووە و ئێستا بازدەدا. ئەمە جیاوازی نێوان بنیادی گەورەی ڕۆمانی ڕابردوو، گەورە وەک دێر (کاتێدرال) و هونەری پچڕپچڕ و ناتەواوی ڕۆمانی ئەمڕۆ ڕوون دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە من خۆم سەر بە نەوەی ناوەڕاستم و ئەو مەراقەیشم هەیە بزانم نەوەکانی داهاتوو، کە لەگەڵ ئینتەرنێت، مۆبایل، نامەی ئەلیکترۆنی و تویتەر گەورە بوونە، چۆن دنیایەک بە ئەدەبی بەرجەستە دەکەن، تێیدا هەموو کەسێک هەمیشە "لەسەر خەتە" و تێیدا "تۆرە کۆمەڵایەتییەکان" ئەو فەزا کەسێتی و نهێنییانەی کە تا ماوەیەک لەمەوبەر سامانمان بوو، دەبەزێنن – ئەو ڕازەی کە قوولی بە مرۆڤەکان دا و توانییان وێنەی گرنگی ئەدەبی لێ دروست بکەن، بەڵام من بە خۆشییەوە دەمەوێ بە گەشبینی دواڕۆژی ئەدەب ببینم و دڵنیایشم کە نووسەری نەوەی نوێ دێنە پێشەوە. ڕێک وەک کە لە سەردەمی هۆمیرۆسەوە وایان کردووە...

با نووسەر، وەک هەر هونەرمەندێکی تریش، هەست بکا بە چاخەکەیەوە نووساوە، بێ هیچ دەرفەتێک کە ڕزگار ببێت، یان هیچ هەوایەکی تر بێجگە لە هی سەردەمەکەی، هەڵبمژێ، لەگەڵ ئەوەیشدا هەمیشە شتێکی ئەبەدی دەخولقێنێ. لە نمایشی دراماکانی ڕاسین و شەکسپیردا ئەوە گرنگ نییە ئەگەر چاکەکان مۆدێلی ئەنتیک بن، یان ئەگەر ڕێژیسۆرەکە پانتۆڕۆنی جینس و قەمسەڵەی چەرم بکاتە بەر کەسەکان. ئەمانە شتی وردن و گرنگییان نییە. کاتێک مرۆڤ ئانا کارنینای تۆلستۆی دەخوێنێتەوە ئەوەی لە بیر دەچێ کە ئەو جلوبەرگی ساڵی ١٨٧٠ی پۆشیوە، ئەو زۆر لێمان نزیک دەبێتەوە، ئەگەرچی سەدەیەک و نیویش ڕەت بووە. هەندێ نووسەریش، وەک ئێدگار ئالان پۆ، مێلڤیل و ستاندال دوو سەد ساڵ دوای لەدایکبوونیان، قەدرگرانترن لەوەی لە سەردەمەکانیان وا هەبوون.

ئەدی ڕۆمانnووسێک ڕێک لە کام مەودا وەستاوە؟ کەمێک لەتەنیشت ژیان، بۆ ئەوەی بتوانێ باسی بکات. ئەگەر زۆر چووبێتە ناوییەوە (مرۆڤی ناو ڕووداو) ڕوون نایبینێت. ئەم مەودا کەمە ڕێی لێ ناگرێ بچێتە ناو کەسەکانی و پێشەنگەکانی ئەوانیشەوە لە ژیانی ڕاستەقینەدا. فلۆبێر گوتی: "مادام بۆڤاری، منم." تۆلستۆیش یەکسەر خۆی لەو ژنەدا بینییەوە کە شەوێک لە وێستگەی شەمەندەفەرێکی ڕووسیدا بینی خۆی هەڵبداتە ژێر شەمەندەفەرەوە. توانایی خۆبینینەوەی تۆلستۆی هێندە گەورە بوو لەگەڵ ئاسمان و ئەو دەشتودەرەی کە وەسفی کردووە بوو بە یەک. ئەو لە هەموو شتێکدا توایەوە، تا بەئاستەم لەرینەوەیش لە پێڵووی ئانا کارنینادا. ئەم دۆخە جەزمەییە پێچەوانەی نارجیزیزمە، بۆ ئەمە گەرەکە ڕۆمانnووس هەم خۆی فەرامۆش بکات و هەم زۆر بە دیقەت سەرنج بدا، بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو شتێکی وەربگرێت، ئەمە تەنیاییەکی تایبەتیشی گەرەکە. نەک بەو شێوەیەی کە ئەو خۆی دوورەپەرێز بکا، بەڵکو وا کە مەیل و ڕۆشنبینیی بگەنە لووتکە بۆ ئەوەی بتوانێ گەردوون بگوازێتەوە ناو ڕۆمانێک.

من هەمیشە پێم وا بووە کە شاعیر و ڕۆمانnووس دەتوانن مرۆڤی ئاسایی، شتی ئاسایی ڕۆژانە و هی سەخت بەر چاو بکەن - ڕێک و ڕەوان بە لێڕوانینی پتەو و نیگایەکی نزیکەی هیپنۆسیییەوە. نووسەر وا دەکات ژیانی ڕۆژانە وەک پەرجوویەک دەربکەوێ، ئەو جۆرێک ڕووناکیی فوسفۆری دەردەهێنێت کە لەگەڵ یەکەم نیگای ڕۆژدا دەرنەکەوت، بەڵام لە قوواڵییدا شاراوە بوو. ئەمە ڕۆڵی شاعیر، ڕۆمانnووس، تەنانەت هی هونەرمەندی شێوەکاریشە: کە ڕاز و ئەو ڕووناکییەی ناخ لای هەر مرۆڤێک پیشان بدا. من بیر لە خزمە دوورەکەم، نیگارکێش ئەمێدۆ مودیلیانی دەکەمەوە. تابلۆ زۆر کاریگەرەکانی ئەوانەن کە مرۆڤی گومناو، منداڵ و کچی سەر شەقام، کارەکەر و جووتیاری بەرهەم کەم و فێرخوازی گەنج، مودێلی بوون. ئەو بە هێڵکارییەکی پان وێنەی کێشاون، کە شێوازی ناوداری تۆسکانی، هی بووتیسێللی و قوتابخانەی سیێنا لە سەدەی پازدە دێنێتەوە بیر. ئەو ئەم هەموو چێژ و جوانییەیان پێ دەبەخشێ - یان ڕاستتر ئاشکرایان دەکات- کە لەبن ڕووی پەنی ساکاریادا هەن. ڕۆمانnووس دەبێ بە هەمان ئاراستە کار بکات. بە فانتازیا خۆی ڕاستی نەشێوێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕۆبچێتە قوواڵییەوە و بە هێزی تیشکی ژێر سوور و هی سەروو وەنەوشەییەوە ئەوە پیشان بدا کە لە بنەوە خۆی شاردووەتەوە، تا ڕاستی خۆی ببینێ. من بەم تێگەیشتنە نامۆ نیم، کە ڕۆمانnووس لە باشترین حاڵەتدا جۆرێک ئایندەبینە، بەڵێ، دووربینە، هەروەها ئامێری بوومەلەرزەپێوبشە، «seismograf» ئامادەیە جوولەی نزیکەی هەست پێ نەکراویش تۆمار بکات.

من هەمیشە، بەر لەوەی دەست بکەم بە خوێندنەوەی یادەوەریی نووسەرێک کە پەسنی دەکەم، دوو دڵیم کردووە. گەلێ جار یادەوەرنووس خۆی بە شتی ورد و بە گێڕانەوەی نادڵیاوە، بە تایبەتمەندیی سەیر، یان ناخۆشەوە هەڵدەواسێ، ئەمەیش وەک ئەوەیە هەوڵ بدەی گوێ لە پەخشێکی ڕادیۆ بگریت، تێیدا غژەغژ وا بکات مۆسیقاکە، یان دەنگەکە نەبیستری. تەنیا بە خوێندنەوەی کتێبەکانی نووسەرەکەوەیە کە ئاشنای ئەو دەبین، لەوێیە جێگەی دروستی ئەو و بە ئارامیش، بێ غژەغژ بۆمان دەدوێ.

بەڵام کاتێک مرۆڤ یادەوەریی نووسەرێک دەخوێنێتەوە، هەندێ جار ڕووداوێکی گرنگ دەدۆزێتەوە کە بە منداڵی ئاسەواری لەسەر نووسەردا هەبووە و بۆ بەرهەمی داهاتووی وەک قاڵبێکی لێ هاتووە، ڕووداوێک کە بە شێوەی جودا لە کتێبەکانیدا دووبارە دەبنەوە، بێ ئەوەی ئەو هەموو جار تەواو لێی بە ئاگا بێت. من بیر لە ئەلفرێد هیتشکۆک دەکەمەوە، کە زانراوە نووسەر نەبوو، بەڵام فیلمەکانی وەک شاکارێکی ئەدەبی هەمان هێزی دەرکەوتن و هاوشێوەییان هەبوو، کە هیتشکۆک پێنج ساڵ بوو، باوکی بۆ لای هاوڕێی نزیکی، کۆمیسەری پۆلیس نارد، تا نامەیەک بگەیەنێت. دوای ئەوەی کوڕەکە نامەکەی دایێ، کۆمیسەرەکە ئەوی خستە ژووری دەستبەسەرداگرتن و دەرگەی لەسەر داخست، کە لەوێ لەناو تاوانباری جودا شەوێک دەمێننەوە. کوڕە هەترەشچووەکە ماوەی سەعاتێک لەوێ چاوەڕێی کرد تا کۆمیسەرەکە کردییە دەرەوە و پێی گوت: "ئێستا دەزانی چیت بەسەردا دێ ئەگەر لە ژیاندا خراپەکاری بکەیت." ڕەنگە ئەم کۆمیسەرەی پۆلیس، بە میتودە تایبەتییەکانی خۆیەوە، سەرچاوەی ئەو خرۆشان و ترسە بێت، کە لە هەموو فیلمەکانی هیتشکۆکدا ڕەنگ دەدەنەوە.

من نامەوێ بە بەسەرهاتەکانی خۆم بێزارتان بکەم، بەڵام پێم وایە چەند ڕووداوێک لە منداڵیمدا وەک کلێشە بۆ کتێبەکانم ئەرکیان هەبووە، زۆربەی کات دوور لە دایک و باوکم، لای هاوڕێ و ناسیاوانیان دەژیام کە ئەوان منیان لایان دادەنا و من هیچم لەبارەیانەوە نەدەزانی، لە شوێنی جودا و لەناو زۆر خانووی جودادا. منداڵ بە هیچ شتێک سەرسام نابێ، بەڵکو حاڵەتە زۆر سەیروسەمەرەکان تەواو بە سروشتی تێ دەگا. من خۆم درەنگ تێگەیشتم منداڵیم چەند تژی بوو لە پەرجوو. هەوڵم دا زیاتر لەبارەی ئەو خەڵکانەوە بزانم کە دایک و باوکم متمانەیان پێیان هەبوو منیان لا بێ و شوێنە جوداکانی مانەوەیشم، بەڵام نەمتوانی زۆربەی ئەو خەڵکانە بناسمەوە و نەمتوانی بە وردیی تۆپۆگرافیش هەموو شوێن و خانووەکانی ڕابردووم دەستنیشان بکەم. خواستی چارەسەرکردنی گرفت و ئاشکراکردنی پەرجوو ئارەزووی نووسینیان پێ بەخشیم، وەک ئەوەی نووسین و فانتازیا بتوانن کۆمەکم بکەن کە لە ئاکامدا وەڵامەکان بدۆزمەوە.

سەبارەت بە پەرجووەوە بیرم بۆ ناوی ڕۆمانێکی فەرەنسی سەدەی نۆزدە دەچێ: پەرجووەکانی پاریس. شاری گەورە بوو، لەم حاڵەتەدا پاریسی شوێنی لەدایکبوونم بوو، کە سەرەتا ئاسەواری لەسەر منداڵیم بە جێ هێشت و بە کاریگەرییەکی هێندە گەورەیشەوە، کە لەوساوە دەستبەرداری لێکۆڵینەوە لە "پەرجووەکانی پاریس" نەبووم. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا وا ڕووی دەدا بە

تەنیا بگەڕێم و ئەگەرچی دەترساشم ون ببم، هەر دوورتر بۆ لای گەڕەکە بۆ من نەناسراوەکانی لای ڕاستی کەنار «ڕووباری» سین دەڕۆیشتم. بە ڕۆژی ڕووناک بوو ئیتر هەستم بە دڵنیایی دەکرد. لە سەرەتای هەرزەکاریمدا هەوڵم دا بەسەر ترسدا زاڵ ببم، بەوەی بە شەو بچمە دەرەوە و بە میترۆ بۆ گەڕەکی دوورتر بڕۆم. مرۆڤ وا شارەزای شار دەبێ، لەم ڕووەیشەوە من وەک زۆربەی ئەو ڕۆمانnووسانەم کرد، کە خۆشم دەویستن و لە بەرهەمەکانیاندا شاری گەورە - ئینجا ئەگەر ناوی پاریس، لەندەن، سانپترسبۆرگ بووبێ، یان ستۆکهۆڵم- هەر لە سەدەی نۆزدەوە شوێنی ڕووداو و بابەتی گرنگ بووە.

ئێدگار ئالان پۆ شتێکی نوێ تاقی دەکاتەوە کە لە چیرۆکی "پیاوەکەی ناو حەشامات"دا باسی ئاپۆرەی خەڵک دەکات کە ئەو لە پەنجەرەی قاوەخانەیەکەوە دەبینێ، لەسەر شۆستەکان لێشاو بهێنن. چاوی بە پیاوێکی پیری سەرنجڕاکێش دەکەوێ، دەیەوێ زیاتر لەبارەیەوە بزانێ و بە شەو لێرەو لەوێ لە لەندەن بە دوایدا دەکەوێ، بەڵام ئەم نەناسراوە "پیاوەکەی ناو حەشامات"ـە و بێهوودەیە بە دوای بکەوێت، هەمیشە نەناسراو دەبێ و قەت ناتوانرێ هیچ شتێک لەبارەیەوە بزانرێ. ئەو وەک تاکەکەسێک هەبوونی نییە، تەنیا وەک یەکەیەکی ناو حەشاماتی خەڵک ڕەت دەبێ، یان پاڵی پێوە دەنێن و خۆی لەسەر شەقامەکاندا ون دەکات، بوونی هەیە.

من بیر لە ڕووداوێکیش دەکەمەوە کە لە تەمەنی گەنجیی بەسەر شاعیر (تۆماس دێ کوێنسی)دا هات و هەموو ژیانی ئاسەواری لەسەر جێ هێشت. لە لەندەن لەناو حەشاماتی شەقامی ئۆکسفۆرددا کچێکی گەنجی بینیبوو، ئاشنایەتییەکی وا بەڕێککەوت کە مرۆڤ لە شاری گەورەدا دەیکات. چەند ڕۆژێکیان لەگەڵ یەکدی گوزەراند، بەر لەوەی ئەو دەبوو بۆ ماوەیەک لەندەن بە جێ بهێڵێ. ئەوان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەفتەیەک ڕەت بوو ئەو هەموو ئێوارەیەک لە هەمان کات لە گۆشەی شەقامی تیچفالدا چاوەڕوانی تۆماس بکات، بەڵام ئەوان هەرگیز یەکتریان نەبینییەوە. "من لەوە دڵنیا «م» کە هەردووکمان بە دوای یەکدیدا گەڕاوین، زۆر جار لە هەمان کاتدا، لەوێ لەناو پێچوپەنا زۆرەکانی لەندەن؛ ڕەنگە هەندێ جار چەند مەترێک لە یەکدییەوە دوور بووین - مەودایەک کە لەسەر شەقامێکی لەندەندا بەسە بۆ ئەوەی تا ئەبەد دوو مرۆڤ لە یەکدی جودا بکاتەوە!"

مرۆڤ لە شارێک لە دایک بووبێت و زۆر سالّ تێیدا ژیابێت هەر گەڕەکێک، هەر شەقامێک یادەوەریی خەمێک، کاتێکی خۆشیی ژیان دێنێتەوە بیر. گەڵێ جاری وا دەبێ، هەمان شەقام وابەستەی کۆمەڵێک چینی یادەوەریی بێت، کە خێرێ تۆپۆگرافیی شار بنووسرێت، مرۆڤ دەتوانێ بە هۆیەوە هەموو ژیانی خۆی بێتەوە بیر، چین لە دوای چین وەک ئەوەی مرۆڤ چینەکانی نووسینی سەر چەرمێکی لێک دابێتەوە. هی ژیانی خەڵکی تریش، ئەو هەزاران کەسە نەناسراوانەی مرۆڤ لەسەر شەقام، یان لەناو ئاپۆرەی کاتی چوونە سەر کار لەناو میترۆ تووشیان دەبێ.

کە بە گەنجی ویستم دەست بە نووسین بکەم بە دوای کەتەلۆگی کۆنی تەلەفۆنی ناوچەی پاریسدا گەڕام، بەتایبەت ئەو جۆرانەی تێیاندا بەشداربووەکان بە ناوی شەقامەکانیانەوە ڕیزبەند دەکران. هەڵدانەوەی پەڕی کەتەلۆگێکی وا وەک ئەوە بوو سەیری وێنەی ڕۆنتگی شارێک بکەیت. شارێکی ڕۆچوو وەک دوورگەی ئەتلەنتیس، بۆنوبەرامی زەمەنیت بۆ بێت. تاکە ئاسەوار ئەم هەموو هەزاران کەسە نەناسراوانە بە جێیان هێشتبوو ناویان، ژمارەی خانوو و ژمارەی تەلەفۆنیان بوو. هەندێ جار ناوێک لە سالێک بۆ یەکێکی تر‌ەوە ون بووبوو. هەستێکی حەپەسێنەر بوو سەیری ئەم کەتەلۆگە کۆنانە بکەیت و بزانیت کە ئیتر هیچ کەسێک بەم ژمارەیە وەڵام نادا‌تەوە. دواتر هەڵوەستەم لەسەر چەند دێڕێک لە شیعرێکی ئوسیپ ماندێلستام کرد:

گەڕاوە بۆ شارەکەم، زۆر ئاشنای فرمێسک،
شادەماری خوێن و ئاشنای ئالّگی ئاوساوی منداڵم.
«...»
پێتەرسبێرگ! «...»
تۆ ژمارەکانی تەلەفۆنی منت هەیە.
پێتەرسبێرگ! هێشتا ناوونیشانم هەن
لەوێ دەنگی مردووەکان دەدۆزمەوە.

بەڵێ، وابزانم ئەو کاتە بوو کە کۆنە کەتەلۆگی تەلەفۆنم هەڵدەدایەوە ئارەزووی ئەوەم بۆ هات کە کتێبەکانی سەرەتام بنووسم. مرۆڤ هەر پێوبستی بەوە هەبوو بەشداربوویەک لەناو سەدان هەزاردا هەڵبژێریت، بە قەڵەمی ڕەش هێڵ بە ژێر ناوی، ناوونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکەیدا بهێنێت و مەزەندەی ئەوە بکەیت ژیانی ئەو کەسە نەناسراوە چۆن بووە.

دەکرێ مرۆڤ لە شارێکی گەورەدا بزر، یان ون ببێ، تەنانەت دەتوانێ ناسنامەی خۆیشی بگۆڕێت و ژیانێکی نوێ بژیت. لەوانەیە کاتێکی زۆر ببا کەسێک بدۆزیتەوە ئەگەر تەنیا ناوی چەند شەقامێکی گەڕەکێکی لاچەپت

هەبێ. ئەم دەربڕینە کورتەی "دوا ناوونیشانی زانراوی" کە لە هەندێ بەدواگەڕاندا دەیانخوێنینەوە، هەمیشە لای من سەدای هەبووە. ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە ونبوون، شوناس و ڕەوتی کاتەوە هەیە زۆر وابەستەی تۆپۆگرافیی شاری گەورەن، بۆیە زۆر ڕۆمانناووس هەر لە سەدەی نۆزدەوە شاری گەورەیان کردووە بە زەمینی خۆیان و چەند نووسەرێکی گەورەیان پێوەندییان بە شارێکەوە هەیە: بەلزاک لەگەڵ پاریس، دیکینز لەگەڵ لەندەن، دەیستۆیڤسکی لەگەڵ سانپترسبۆرگ، تۆکیۆ لەگەڵ ناگای کافو، ستۆکهۆڵم لەگەڵ ییڵمار سوێدێربێرگ.

من سەر بە نەوەیەکم کە لەژێر کاریگەریی ئەم نووسەرانەدایە و ویستووشیانە لەوە بکۆڵنەوە کە بۆدلێر ناوی دەبرد "بەرهەمی شاری گەورە". لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی کە ڕابردووە، لەو کاتەوە من و هاوتەمەنەکانم بە هەستی کراوەوە شارەکانی خۆمانمان دۆزییەوە، بێ گومان ئەم شارانە گۆڕاون. لە ئەمریکا و ئەوەی جاران پێیان دەگوت جیهانی سێیەم گۆڕاون بۆ شاری زۆر گەورەی پانوپۆڕی ترسناک. زۆر جاران دانیشتوانەکانیان لە گەڕەکی ئێتنیکیی سەربەخۆ و کەلاوەدا بە ناکۆکی زۆری کۆمەڵایەتییەوە دەژیان، تا دێ شارە کەلاوەکان گەورەتر دەبن. تا سەدەی بیستیش ڕۆمانناووسەکان تا ئاستێک ڕوانینیکی "ڕۆمانسی"یان لەسەر شار هەبوو، لە هی دیکینز و بودلێر جودا نەبوون. ئەوە سەرنجڕاکێش دەبوو بزانی نووسەری دوارۆژ چۆن ئەم ناوچە زۆر گەورانە لە خەیاڵدا بەرجەستە دەکات.

لەبارەی نووسەرایەتیی منەوە بە نیازپاکییەوە ئەم وشانەتان بەکار هێناوە "بۆ ئەم هونەری یادەوەرییە ئەو پێیەوە سەختترین قەدەری زیندوو کردووەتەوە "، ئەمە ستایشێکە لە سەرووی منەوەیە. ئەم شێوازە تایبەتەی بیرهاتنەوە، کە مرۆڤ لە ڕابردوودا بە دوای پارچەی بچووک و ئاسەواری دەگمەن دەگەڕێ کە مرۆڤی گومناو و نەناسراو لەسەر زەوی بەجێی هێشتوون، ئەوانیش لە ساڵی لەدایکبوونی منەوە، ساڵی ١٩٤٥وە هاتوون. ئەو ڕاستییەی کە ئێمە لە ساڵی ١٩٤٥ لەدایک بووین و دواتر گەلێ شار وێران کران و هەموو دانیشتوانەکانیان لەناوبران، واپێدەچێ وای لە من و هاوڕێکانی نەوەی من کردبێ بە شێوەیەکی تایبەت کراوە بین بۆ بابەتی بیرهاتن و لە بیرچوون.

بەداخەوە پێم وایە ئەمە بووە بە مەحاڵ کە وەک مارسێل پرۆست بە هەمان هێز و ڕۆشنییەوە بە دوای ئەو کاتەدا بگەڕێی کە ڕۆیشتووە. ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو باسی کردووە هی سەدەی نۆزدە بوو و هێشتا سەقامگیر بوو. یادەوەریی پرۆست، وەک "تابلۆی ڤیڤانت" «تابلۆی زیندوو» ڕابردووی بە بچووکترین وردەکارییەوە بەرجەستە دەکرد. من وا تێدەگەم کە ئێستا زەین زۆر نادڵنیاترە و دەبێ هەمیشە خەبات دژی بیرچوونەوە و بێهۆشی بکات. لەژێر ئەم چینانە و ئەم کەڵەکەیەی بیرچوونەوەدا کە هەموو شتێک دادەپۆشی، هەر ئەوە دەکرێ پڕ بدەیتە شتی بچووکی ڕابردوو، ئاسەوار کە لەناکاو نامێنێ و قەدەری کورتخایەن و نزیکەی ناسروشتیی مرۆڤ.

بەڵام لەوانەیە پەیامی ڕۆمانناووس بێت کە لەسەر پەڕی گەورەی سپیی بیرچوونەوەدا ژیانی نوێ بداتە چەند وشەیەکی نیوە لەناوچوودا - کێوەسەهۆڵی ترازاون و بەسەر ڕووی دەریادا دەخولێنەوە.

©NOBELSTIFTELSEN 2014

سەرچاوە: سایتی ئەکادیمیای سوێدی

http://www.svenskaakademien.se/

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە بۆ سوێدی: ئانا سێفلوند-ئورستادیوس

پەراوێز و ڕوونکردنەوە:

ئەکادیمیای سوێدی لە ڕاگەیانراوەکەیدا هۆی بەخشینی "خەڵاتی نۆبڵ" بە پاتریک مۆدیانۆ، دەستەواژەی Livsvärlden (ژیان+جیهان)ی بەکار هێناوە، کە لە بنەچەدا دەستەواژەیەکی فەلسەفەیی ئەڵمانییە (die Lebenswelt)، واتە هەستکردن، تێگەیشتن و بەئاگابوون لە جیهان بەو شێوەیەی کە هەیە و تاکەکەس هەستی پێ دەکات. من دەستەواژەی (جیهانبینی)م بۆ بەکار هێناوە، ڕەنگە دەستەواژەیەکی زۆر نا، بەڵام کەمێک گونجاو بێت.

ئەو نووسەرەی خەڵاتی نۆبڵی پێ دەبەخشرێ، لە بارەگای ئەکادیمیای سوێدی و لەبەردەم ئەندامانی ئەکادیمیا، ئەدەبناس و ڕۆژنامەوانانداز، گوتارێک پێشکەش دەکات. پاتریک مۆدیانۆ لە ١٢/٧ - ٢٠١٤ ئەم گوتارەی خوێندەوە.

بەپێی ئەو پەراوێزانەی وەرگێڕی فەرەنسی ئانا سێفلوند-ئورستادیوس، بۆ ئەم گوتارەی نووسیوە، گوتەی بودلێر و تۆماس دێ کوێنسی، شیعری ئوسیپ ماندێلستام و ویلیەم بولتر یەیتس لە تەرجەمەی پێشووتری وەرگێڕی تردوە، وەرگیراون، نەک لە تێکستە فەرەنسییەکەی پاتریک مۆدیانۆوە.

(١) نوکتورن Nocturne، مۆسیقای شەوانە: پارچە مۆسیقای هێوری ڕۆمانسییە. فرێدریک شۆپان (١٨١٠-١٨٤٩) نووسیویەتی.